هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد بۆ هەفتەنامەی ئاڵای ئازادی دەدوێ

1/ ئایا ئێوە خۆتان پێ چەپە؟ چ چەپێک؟ رابردووی مێژوویتان؟

وەڵام/ بەڵێ، ئێمە خۆمان بە ڕێکخراوێکی یەکسانیخواز دەزانین، لە پێڕەوی نێوەخۆی حزبدا کە کۆنگرە بڕیاری لەسەر دراوە، هاتوە: (حزبی رزگاریی کوردستان، حزبێکی نیشتمانی دیموکراتی پێشکەوتنخوازە، خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی بەیەکەوە گرێدەدات و لەژێر ڕۆشنایی سۆسیالیستی زانستی هەنگاو هەڵدەگرێتەوە، هاوکات پەیڕەوی لە دیموکراسی و سۆسیالیزم دەکات) بەو لێکدانەوەیە ئێمە ڕێکخراوێکی چەپین، بۆ رزگاری و یەکسانی کوردستانیان و بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ تێدەکۆشین.

حزبی رزگاری چەپێکی واقیع بینە، درێژەپێدەری پارتی گەلە کە ئەویش وەک حزبێکی دیموکراتی شۆشگێر باوەڕی بە مارکسیزم هەبوو.

2/ بۆ چەپ نەبۆتە وتاری جەماوەری؟

وەڵام/ لەسەردەمی خەباتی شاخدا هەر ڕێکخراوێک چەپایەتی ڕەتبکردبایەوە لە جەماوەر دادەبڕا، بۆیە جگە لە پاسۆک هەموو ڕێکخراوە شۆرشگێڕەکانی دیکە بەجۆرێک لە جۆرەکان باسیان لە سۆسیالیستی زانستی و مارکسیزم دەکرد، بەڵام ڕاپەڕینی جەماوەری بەهاری 1991 کە هێزە سیاسیەکان لە شاخ و لە ئاوارەییدا گەڕانەوە نێو شارەکان و تێکەڵاوی جەماوەر بوون، ئەوێ ڕۆژێ یەکێتی سۆڤێت بەرەو نەمان خلۆر دەبۆوە، دوای ماوەیەکی کورت هەڵوەشایەوە، هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت، دارمانی بلۆکی بەناو سۆسیالیستی بە دوای خۆیەوە هێنا، بەوهۆیەوە هێزە سۆسیالیست و مارکسیست و چەپەکان دووچاری تەنگژەو قەیران هاتن، زۆربەیان یان هەڵوەشانەوە یان ناوی خۆیان گۆڕی، تەنانەت ماوەیەک حزبی کۆمۆنیست لە روسیا قەدەغە ڕاگەیەنرا، جا زۆربەی ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان چونکە ڕێبەرانیان لە چینی برژوا بوون، یان هەڵگەڕانەوە یان رووی ڕاستینی خۆیان دەرخست و پشتیان لە چەپایەتی کرد.

ڕاپەڕین و هەڵوەشانەوەی بلۆکی بەناو سۆسیالیستی هاوکات بوون، بەوهۆیەوە سەنگەری چەپایەتی دوورەپەرێزی لێکرا، هێزە سەرمایەدارەکانیش گورزی خۆیان وەشاندو دەستەڵاتیان لە دەستی خۆیاندا قۆرخ کرد. ئەوێ ڕۆژێ پشت کردن لە چەپایەتی تازەترین مۆدێل بوو. چۆن لە دوای دووەمین شەڕی جیهان، چەپایەتی بوو بە مۆدێل، ئاوەها دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت پشتکردن لە چەپایەتی و بادانەوە بەرەو سەنگەری سەرمایەداری بەناوی دیموکراسیەوە بوو بە مۆدێل.

3/ کێ و چۆن قەیرانەکانی چەپ چارەسەر دەکات؟

وەڵام/ بێگومان ڕێکخراوە چەپ، یەکسانیخواز، سۆسیالیست و کۆمۆنیستە ڕاستینەکان دەکارن قەیرانەکانی چەپ چارەسەر بکەن، بەڵام چۆن؟ ئەمە لێکدانەوەی زۆرتری دەوێ، پێویستی بە کات هەیە، کورتکردنەوەی ڕێش بە یەکخستنی گوتاری ڕێکخراوە چەپەکان دەستپێدەکات، هەروەها گێڕانەوەی باوەڕبەخۆبوون و سەربەخۆیی بۆ ڕێکخراوە چەپەکان ئاسانکاری باشتر دەکات. لەوانەیە دوای ئەوەی جەماوەر دەبێتەوە خاوەن گیرفانی خۆی، ئەوکاتە قەیرانەکانی چەپ بەرەو چارەسەرکردن ڕێ دەگرێ. هەتا ڕێکخراوە چەپەکان پاشکۆیەتی هێزەکانی دیکە پەسند بکەن، نەک قەیرانەکان چارەسەر نابن، بەڵکو ئاڵۆزو قورستر دەبنەوە.

4/ لە کوردستان کامە هێز چەپن؟ چەپ زۆرترین زەربەی لە کێ و چۆن دیوە؟

وەڵام/ هێزە چەپەکان دیارن، ئەوانەی بێپەروا باس لە بیروباوەڕی خۆیان دەکەن، بۆ یەکسانی و وەکهەڤی تێدەکۆشن، ئەوانەی دەیانەوێ کۆنەپارێزی هەڵتەکێنن و کۆمەڵێکی بەختەوەرو پێشکەوتوو بنیات بنێن. هێزێک ئەگەر بانگەشەی کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی و چەپایەتی بکات، بەڵام بەشەرمەوە باس لە ئایدۆلۆژیاو ئارمانجی خۆی بکات و بیەوێ خۆی لەگەڵ ڕەوشەکە بگونجێنێ، لەسەنگەری چەپایەتی دەترازێ و دەبێتە پاشکۆی هێزە ڕاسترۆو سەرمایەدارەکان.

سەبارەت بەوەی کە کێ زەربەی لە چەپەکان داوە، ئەگەر زێدەڕۆیی نەبێ، دەڵێم چەپەکان بۆ خۆیان گورزی گەورەیان لەخۆیان داوە، ئارەزوومەندانە یان لە ناچاری بووبێ، پاشکۆیەتی هێزە دەستەڵاتدارەکانیان پەسند کردوە، هەوڵیانداوە فەرمانی دیتران جێبەجێ بکەن و بەرژەوەندی یەکێتی سۆڤێت بپارێزن، بەوهۆیەوە گورزی کاریگەری لەخۆی داوە، دواتریش دابڕان و هاوڕێبوونەکانی نێو هێزە چەپەکان ئەو برینە سارێژنەکراوانەن کە جەستەی چەپی زیواربەزیوار کردوە. هەڵبەت بەشداربوونی هێزە چەپەکان لە شەڕی براکوژی دەیەی هەشتاکان و گوێڕایەڵی کردنی هێزە چەپەکان لە دەستەڵاتداران و بێدەنگ بوونیان لە شەڕی براکوژی دەیەی نەوەدەکان خۆی لەخۆیدا ئەو گورزانەن کە چەپ بۆ خۆی لە پەیکەری خۆی داوەو بە ئاسانیش سارێژ ناکرێن.

5/ حزبی شیوعی و ڕۆڵی لەبزووتنەوەی چەپی کوردی!

وەڵام: هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێ ڕۆڵی حزبی شیوعی لە بزووتنەوەی چەپی کوردستانیدا بە نایدە بگرێ، ڕۆڵی کاریگەری هەبووە، هەم توانیویەتی ڕێکخراوی چەپ لەنێو کوردستاندا گەشە پێبدات، هەمیش بیری یەکسانیخوازی و پێشکەوتنخوازی لەنێو کۆمەڵدا بڵاوبکاتەوە، هەر ئەوەش وایکردبوو کە زۆربەی ڕۆشنبیران و نووسەرانی کوردستان لاگیریان لە حزبی شیوعی کردوە.

6/ چەپ لە دوای ڕاپەڕین لە سلێمانی و هەولێر!

وەڵام: لەگەڵ ڕاپەڕیندا چەپەکان بە شێوازی جۆراوجۆر خۆیان نواند، شوراکان لە هەولێرو سلێمانی پەیدابوون، بەڵام تەمەنیان زۆر کورت بوو، ڕاپەڕین شکستی خوارد، هێزەکانی بەعس هەردوو شاری هەولێرو سلێمانیان داگیرکردەوە. دوایش کە بەرەی کوردستانی لەگەڵ ڕژێمی بەعس کەوتە وتوویژو بۆ شارەکان گەڕایەوە، ڕۆڵی چەپەکان لەکورتی دا، کاتێکیش هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت و وڵاتانی دیکەی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی بەدواوەداهات، ئیدی چەپ لە هێزێکی شۆڕشگێڕەوە بوو بە هێزێکی داماو و شەرمنۆک.

7/ چەپ و بەرەی کوردستانی!

وەڵام: چەپەکان لە بەرەی کوردستانیدا هیچ ڕۆڵیان نەبوو، ڕۆڵیان خۆهەڵواسین بوو. بەرەی کوردستانی لە 7-5-1988 دروست بوو، هێشتا پێی نەگرتبوو، بارەگای تایبەت بە خۆی دانەنابوو، شاڵاوی ئەنفال دەستی پێکرد، هێزەکان خۆیان لەو دیو گرتەوە، لە گوندی ڕاژان بارەگەیەک بەناوی بەرەی کوردستانی دامەزراو ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانیش بڵاوکرایەوە، بەڵام چوونکە هێزەکان لە ئاوارەییدابوون، بارەگای بەرەی کوردستانیش لەژێر قەڵەمڕەوی کۆماری ئیسلامی ئێران دابوو، ئیدی چەپەکان خواخوایان بوو کە گێچەڵیان پێنەکرێ، بۆیە پەڕاوێزخرابوون، کاتێک لەگەڵ ڕاپەڕینیش گەڕانەوە لە زۆر هەنگاودا لاسایی هێزە ڕاسترۆکانیان کردەوە، بۆیە ڕاشکاوانە دەڵێم چەپ لە بەرەی کوردستانیدا بوونی هەبوو، دەنگ و ڕەنگ و کاریگەری نەبوو.

8/ چەپ و حکومەتی هەرێم!

حکومەتی هەرێم لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە پێکهات، چەپەکان لەدەرەوەی حکومەتدا مانەوە، بەڵام دوایی بۆ ڕازیکردنیان وەزارەتیان پێدان، بوونی چەپ لە حکومەتی هەرێم درێژەپێدەری چەپ بوو لە بەرەی کوردستانیدا، واتە چەپ بۆ مانەوەو بەرژەوەندی خۆی بەشداری کردبوو، نقەی لێوەنەدەهات، هەر خەمی دابینکردنی بودجەو دامەزراندنی ئەندامان و پەیداکردنی موچە بۆ شەهیدان و خانەنشینان و وەرگرتنی زەوی بوو، پێوانە بۆ ساڵانی تێکۆشان نەدەکرا، موچە بۆ ئەوانە دابین دەکرا کە لەگەڵ خۆیاند مابوونەوە، سەدان تێکۆشەر چونکە ڕیزەکانی ئەوانیان جێهێشتبوو، ناویان لە لیستی خانەنشینان دەرهێنراو ڕێیان نەدا موچەیان بۆ ببڕێتەوە. جارێک نەبینرا کە چەپەکان پرۆژەیەکی باش و بەسوود پێشکەش بکەن، یان لە پەرلەماندا لاگیری لە یاسای پێشکەوتوو بکەن.

9/ چەپ و شەڕی ناوخۆ!

وەڵام: لەسەرەتای هەڵگیرساندنی شەڕی نێوەخۆ، چەپەکان هەوڵی ناوبژیوانیان دەدا، بەڵام لەو پەنایەوە بەرژەوەندی خۆیان دەپاراست، ئاسانکاری بۆ ئەو کەسانە دەکرا کە بۆ ئەوان بارزگانییان دەکرد، دوایش هەندێک لە هێزە چەپەکان بەسەر دوو سەنگەرەکە دابەشبوون، بەکردەوە بەشداریان لە شەڕی نێوەخۆدا کرد. بێدەنگ بوون و بەشداریکردن لە سەنگەری شەڕی نێوەخۆ پێچەوانەی ئارمانج و خواستەکانی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان بوو، بەوهۆیەوە دەکرێ بگوترێ کە چەپەکان ڕۆڵی خراپیان هەبوو، چونکە ئەگەر ئەوان دەنگیان هەڵبڕیبوایە لەوانەیە شەڕەکە هێندە درێژەی نەدەکێشا، کارەساتی وا گەورە رویان نەدەدا. هەندێک کەس پێیانوایە کە شەڕی نێوەخۆ سوودی تەسکی ڕێکخراوە چەپەکانی تێدابوو، لەهەردوولا وەریاندەگرت و دەیانخوارد.

ئێستاش کە سەیر دەکەی بەهۆی ئەو هەڵوێستانەوە هەندێک هێزی چەپ پارووییان لە ڕۆنی کەوتوە، کۆتایان هەیە، لە هەر شەش کابینەکەی حکومەتی هەرێمدا پشکیان هەبوە، وەزارەتیان پێدراوە. ئەو بەرژەوەندیان وایکردوە کە ڕۆڵی چەپ لە نێو جەماوەرو کۆمەڵدا لە کورتی بدات و بە نەرێنی بشکێتەوە.

10/ ئاراستەی چەپی نوێ!

وەڵام: سەردەم گۆڕاوە، ئاراستەو ئەرکی چەپیش گۆڕاوە. ئەرکی چەپی نوێ ئەوەیە کە بۆ یەکسانیکردن و وەکهەڤی کۆمەڵ تێبکۆشێ و واقیعبینانە درێژە بە تێکۆشان بدات. بەهۆی گۆڕانە خێراکان و خلۆربوونەوەی ئەو هێزانەی کە خۆیان بە نیشتمانپەروەر دادەنێن بەرەو گەندەڵی، وایکردوە کە ئەرکی چەپی نوێ ئەوە بێ کە ڕێ نەدات سەروەت و سامانی نیشتمانی بەفیڕۆ بدرێ و لەلایەن کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکانەوە دەستی بەسەر دابگیرێ. چەپی نوێ دەبێ هەوڵ بدات لە نێو پەرلەماندا ململانێ لەگەڵ ئاراستەو ڕەوتەکانی دیکەدا بکات. لە هەڵبژاردن و پێشکەشکردنی پرۆژەی باش کێبەرکێ لەگەڵ هێزو لایەنەکانی دیکەدا بکات. ئیدی سەردەمی چەک و دروشمی بریقەدار بەسەرچوە، ئاراستەی چەپ ئەوەیە کە گەندەڵی و ساختەکاری و کردەوە نامرۆڤایەتیەکانی بەرژواو سەرمایەداران لە قاوبدات، دژایەتی کۆنەپارێزی بکات، شەقام بخرۆشێنێ و ڕێبەرایەتی ناڕەزایەتیەکانی خەڵک بکات. چەپ بە دوای دابینکردنی پێداویستیەکانی ڕۆژانەی خەڵک، ئاسودەکردنی چینی چەوساوەو بەخۆڕایکردنی خوێندن و دەرمانکردن تێبکۆشێ. چەپی نوێ لە کردەوەو پراکتیکدا ئارمانجەکانی بەرجەستە دەکات و خۆی لە دروشمی بریقەدار بەدوور دەکرێ.

سازدانی: ئەحمەد سەفا

دیاردەی بە کاڵاکردن لەنێو کۆمەڵی ئێمەدا

ئەم گۆڕانە گەورانەی بەسەرئێراق و کوردستاندا هاتووە، تارادەیەکی زۆر وقوڵ ورادیکاڵ ماناکانی مرۆڤ و خێزان و نیشتمان و ناسنامەی ئێمەی گۆڕیوە و ئەمانە بونەتە کاڵا و شتگەلێکی قابیلی کڕین و فرۆشتن.

دیاردەی بە کاڵا کردن، دیاردەیەکی کۆنە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و رژێمی کۆیلایەتی دیارترین جۆرو شێوەی ئەم دیاردەیە یە، کاتێک کە کۆیلە وەک کاڵا وشمەک دەکرا و دەفرۆشرا، بەردەوامبوونی ئەم دیاردەیە لەم سەردەمەدا بەشێوازێکی دیکە نیشانەی روخان و هەرهسهێنانی ئاکار وبنەما مرۆییەکانە لە ناوکۆمەڵگەی ئێمەدا.

- بە کاڵا کردنی مرۆڤ : ئەگەرچی سیستەمی کۆیلایەتی بە فەرمی کۆتایی پێهاتووە، بەڵام نەمانی ئەم سیستەمە کۆتایی بە دیاردەی بە کاڵا کردنی مرۆڤ نەهێنا و دیاردەکە بە شێوازێکی مەترسیدار هەیە وبەردەوامە.

لە سەردەمە کۆنوکاندا کۆیلە درکی بەوە دەکرد کە کۆیلە، بەڵام هیوا و ئومێدی بە ئازادی هەبوو و کۆششی دەکرد بۆ بەدەستهێنانی سەربەستی وئازادی خۆی، بەڵام ئێستا بە کاڵاکردنی مرۆڤ-وەک داگیرکەری نوێ- ناو و شێوازی تازەی وەرگرتووە.

هەرچەندە دیاردەی بە کاڵاکردنی مرۆڤ لە کۆمەڵگا سەرمایەداریەکاندا هەبوە بەرلەوەی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەبێت، چونکە بە کاڵاکردنی مرۆڤ بەرهەم و زادەی سیستەمی سەرمایەداری و سیستەمی بازاڕە و کاتێک تەنیا سوود وقازانج و زیادکردنی سەرمایە تاکە ئامانجی سەرمایەدار وچالاکیە ئابوورییەکان بیت، ئەو کاتە بەهای مرۆڤ کەمدەبیت وهەندێک جار لە بەهای ئامێرەکان کەمتر دەبێت، بۆ نموونە دەکرێ کۆمپانیایەکی ئەمریکی یا ژاپۆنی، یەک لە کارگەکانی بە ئامێر و مەکینە و دامودەزگا و کرێکار و ئەندازیارەکانەوە بفرۆشیتە کۆمپانیایەکی دیکە، لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئایا جیاوازی لە نێوان ئەم سیستەمە وسیستەمی کۆیلایەتی یا دەرەبەگایەتی چییە؟

ڕەنگە یەکێک بڵێت، جیاوازیەکە ئەوەیە لە حاڵەتی یەکەمدا کرێکاران یا ئەندازیاران دەتوانن واز لە کارەکانیان بێنن، ئەو کاتە ئێمەش دەڵێین بەها وقیمەتی مافێک چییە گەرخاوەنەکەی نەتوانێت مومارەسەی بکات و لێرەدا کرێکاران و ئەندازیاران بونەتە ئامراز هۆکارێک بۆزیادکرنی سوود وقازانجی کڕیار وفرۆشیار.

لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، مرۆڤ دەکڕدرێت و دەفرۆشرێت کاتێک کە ویست وکەرامەت و ڕاو بێدەنگیەکەی دەکڕدرێت، هەرچەندە ئەم شتە لە هەندێک کۆمەڵگەی دیکەشدا هەیە، بەڵام ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا مەترسیدارترە، لەبەرئەوەی ئێمە لە زۆر لاوە هەڕەشە لە چارەنووس وبونمان دەکرێت، لەلایەک ئاسایشی نیشتمانیمان لەق وشلۆق و پارێزراو نییە، لەلایەکی دیکەوە ئاسایشی ئابووری وتەندروستی وژینگەییمان لاوازو بێهێزە، هەروەها بەرەنگاری وهەڕەشی دەرەکیش بۆ گەشەکردنی ئەم دیاردەیە، بۆیە بەکاڵاکردنی تاکی کورد ترسناک و مەترسیدارە، چونکە بەکاڵاکردن، تاکی کورد بەند دەکات و دەبەستێتەوە وئیفلیجی دەکات و بوون و کیانەکەی لە ناوەرۆک وبنەما ئەخلاقی نەتەوەیی و ڕۆشنبیریی بەتاڵ دەکات و دەیکاتە کاڵا یا نیمچە کاڵا، بۆیە ئەم بە شتومەککردنەی کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هاتۆتە ئاراوە و پەرەیسەندوە وای لە مرۆڤی کورد کردوە بەس بایەخ بەبەرژەوەندی خۆی بدات و بەدەسهێنانی پارە و سەرمایە بکاتە تاکە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی زی و پایە کۆمەڵایەتیەکەی، هەروەها سەرکەوتنەکان لە بەدەسهێنانی پارە و سەرمایەدا، ڕەفتار وهەڵسوکەت وپەیوەندیەکانی مرۆڤەکە بە خێزان وکەسانی دیکە ونیشتمان دیاردەکات.

-بەکاڵاکردنی پەیوەندیە مرۆییەکان: مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە تاک وئەندامانی کۆمەڵگەکەمان لە پەیوەندیکانیاندا لە گەڵ یەک، تەنها ڕەچاوی بەرژەوەندی مادی دەکەن و بەرژەوەندی خۆیان لە سەرەوەی بنەما ئەخلاقی و هاوڕێیەتی وریز وخۆشەویستی و بەها ویژدانیەکان، دادەنێن.

هەرچەندە هۆکاری مادی توخم و فاکتەرێکی سەرەکی و گرنگ بووە لە پەیوەندیە مرۆییەکان، بەڵام پێویستە ئەم هۆکارە نەبێتە تاکە هۆکار و نەبێتە ڕێسا و نەریتێک بۆ سازدانی پەیوەندی لە تاک وئەندامانی کۆمەڵگەدا.

ئێستا دیاردەی بە کاڵا کردن پەیوەندی هاوڕێیەتیشی گرتۆتەوە، واتە ئەم پەیوەندیەش کە پێویستیەکی ویژدانی ورۆحییە، گۆڕانکاری بەسەرداهاتوە بۆتە شمەک، بۆیە دەبینین بەشێکی زۆری پەیوەندییەکانی هاوڕێیەتی لەسەر بنەمای ڕیز و خۆشەویستی دانەمەزراوە، بەڵکو لەسەر بنەمای بەرژەوەندی مادی دامەزراوە، بۆیە ئەم جۆرە هاوڕێیەتییە مەترسی لەسەرشیرازەی کۆمەڵگەدا هەیە.

-بە کاڵاکردنی نیشتمان: هەموو جۆرەکانی بە کاڵاکردنی کە لە ناوکۆمەڵگەدا هەیە، بەجۆرێک لە جۆرەکان بەشداردەبێت لە بە کاڵاکردنی وڵات ونیشتمانمان، لەگەڵ ئەمەشدا بە کاڵاکردنی نیشتمان هەندێک جارشێوەیەکی روون و دیار وەردەگرێت، ئێمە لێرەدا باس لەو ڕێکەوتنانە ناکەین کە پەیوەستن بە سەروەری وڵاتمان، بەڵکو باسی ئەوە دەکەین کە هەندێک لە هاوڵاتیان وهێزە سیاسیەکان هەن، بە گوێرەی بنەمای(پارە و قەرەبووکردنەووە) مامەڵە لەسەر دۆسیە ودۆزەکانی وڵاتمان دەکەن، ئەمەش مانای وایەکە ئەمانە دۆسیە ودۆزەکانی وڵاتمان وەک کاڵایەک تەماشا دەکەن، لای ئەم هاوڵاتی وهێزە سیاسیانە کێشە وبوون وڕابردوو و ئایندەی وڵات ونیشتمانمان، دەکرێتە پارچە زەویەک کە قابیلی کڕین و فرۆشتن بێت.

کەواتە بە کاڵاکردنی مرۆڤ ونیشتمان، مانای داماڵین وبەتاڵکرنی مرۆڤ ونیشتمانە لە بەها وماناکان و ئامانجە بەرزەکانە، هەروەها نیشانەیە بۆ شێواندنیان و گۆڕینیان بۆ کیان و شتێکی بێ ناسنامە وئامادەکراو بۆ فرۆشتن.

محەمەد سلێمان عەباس